www.kurdistannet.org
20/07/2003 21:44

# کورد و کارەساتی ئەنفال

## ( (دەقی چاوپێکەوتنێکە دەربارەی کارەساتی ئەنفال مەجید سالّح لە گەلّ دکتۆر جەبار قادر دا بۆ گۆڤاری ئەنفال لە 30 گولاّنی 2002 ئەنجامی دواە)

پرسیار : ئێوە وەکو ڕوناکبیر و مێژوو نوسێکی کورد پێناسەتان بۆ ئەنفال چیە ؟ ئایە ئەنجام دانی کارێکی درندانەی لەو جۆرە بە چی مەبەستێك بووە ؟ دوژمن تا چ رادەیەك لە ئەنجامدانی گەیشتووەتە ئامانجەکانی ؟

د. جەبار قادر : ئەنفال لە بیری گشتیی کوردا هاوواتای ڕەشەکوژی و کوردقرانە. ئەنفال بۆ کورد کارەساتێکی نەتەوەییە و کردەوەکانی ڕەشەکوژی کورد، و بیّ سەر و شوێن کردنی دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر و لاوی کورد و، تالاّنکردنی سامان و دارییان و، تێکدان و وێران کردنی بنخانی ئابووری و ژینگەی کوردستان و هەولّی بە کۆیلەکردنی کورد لاپەڕە ترسناکەکانی بوون. ئەنفال کۆدێکی سەربازییە بۆ ئەو زنجیرە شالاّوە بەرفراوانە کە هێزە چەکدارەکانی عیراق لە نێوان 23 شوبات و 6 ئەیلولی ساڵی 1988 لە دژی گەلی کورد لە باشوری کوردستان ئەنجامی دان لەو ناوچاەی کە لە لایەن رژێمەوە بە ناوچەی قەدەغەکراو راگەیاندرابوون. ئەنفالەکان 8 شالاّوی سەرەکی و دەڤەرێکی فراوانیان لە دامێنەکانی گەرمیانەوە تا دەگاتە ئەو سەری بادینان گرتەوە. ئاکامەکانی لە سەر باری مرۆڤانی و سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و دەرونی و کولتوری کورد لە رادەبەدەر سامناك و ترسناك بوون و ئازار و شوێنەوارەکانی زیندوون و برینەکانی ساریژ نابنەوە و یادەوەرییەکانی وەکو کارەساتێکی مرۆڤانی و کردەوەیەکی بیّ بەزییانە هەمیشە لە بیری گشتیی کوردا دەمێننەوە. لە بەر رۆشنایی هەموو ئەو پێوەر و پێوانانەی کە لە ( (پەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاریی جینۆساید) ) هاتوون، کە لە 9 دیسەمبەر ی 1948 لە لایەن جڤاتی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو بریارێکی تایبەتی بلاّوکراوەتەوە، دەتوانین ئەنفال وەکو کردەوەیەکی جینۆساید پێناسە بکەین. لە بەندی دووەمی ئەو پەیماننامەیەدا بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە جینۆساید کراوە ( (لە پەماننامەیەدا جینۆساید هەموو ئەم کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە بە نیەتی لە نێوبردنی تەواوی یا بەشێك لە گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، رەگەزیی یا ئاینیی ئەنجام دراون : کوشتنی ئەندامانی گروپەکە، زیان گەیاندن بە لەش یا تێکدانی باری رۆحی ئەندامەکانی، دانانیان بە مەبەست و ئەنقەست لە ژێر بار و دۆخێکی وادا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یا تەواوی ئەندامەکانی، پێشگرتن لە زاوزێکردن لە نێو گروپەکەدا و زۆر دابرِینی مندالاّن لە کەس و کاریان) ) . حکومەتی عیراق و هەموو دەزگا فەرمییەکانی هەموو ئەو تاوانانەی لەو بەندەدا هاتوون و گەلیّ تاوانی تریشی لە دژی کورد لە کاتی ئەنفالەکاندا و بەر لەوە و دوای ئەوەیش ئەنجام داوە.

مەبەستی سەرەکی ڕژێم لە ئەنجامدانی ئەنفالدا ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر کورد

لە نێو بەریّ. بەوەش چەند ئامانجیّ بەدەست دەخا لە لایەکەوە رێژەی کورد بەگشتی لە عیراقدا کەم دەکاتەوە و لەو ناوچانەی کە سیاسەتی بە عەرەبکردنی تێدا پەیرەو دەکرد ئەنفالی بە هەل زانی بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە بگەیەنێتە ئامانجەکانی. هەروەها لە رێگەی ئەنفالەوە دەیەویست پەیامێك بە کۆمەڵگەی کورد بەتایبەتی و کۆمەڵگەی عیراقی بەگشتی پێشکەش ئەویش ئەوەیە کە لە دەرەوەی خواستەکانی رژێم و بەعسدا هیچ خواست و دید و بۆچوونێك توانای ژیان و مانەوەی نیە و دەبیّ هەموو کەسیّ ملکەچی خواست و ئیرادەی ئەو بیّ. لەم بوارەدا رژێم کۆمەڵگەی عیراقی لە قالّبداو باری ترس و تۆقینی بەسەریدا سەپاند و کەس نەیدەوێرا بپرسیّ : ئەوانەی ون دەین بۆ کویّ دەبرێن و بۆ ناگەرِێنەوە ؟. پێمواية رژێمی توانی هەندیّ لە ئامانجەکانی بێنێتە دی. ژمارەیەك زۆر کوردی لە نێو برد و کارەساتێکی نەتەوەیی بۆ کورد دروست کرد و کۆمەڵگەیەکی نەخۆشی تۆقێنراوی هێنایە کایەوە. وتەیەکی صەدام هەبوو دەیوەت (هەموو عیراقییەکان بەعسین ئەگەر ئەندامی حیزبیش نەبن) ، بەو واتایەی کە کولتوری بەعس کە کولتوری ملکەچی، هەلپەرستی، دووروویی، راپۆرت بازی، تالاّنگەری .... . تاد بوو بە کولتووری رێژیەکی بەربلاّوی کۆمەڵگەی عیراقی بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە. رامالّینی پاشماوە و شوێنەوارەکانی ئەم کولتوورە نەگریسە لە پرۆسەی ئاوادانکردنەوەی کوردستان گەلیّ زەحمەت ترە و پێویستی بە بیر و فەلسەفەی پەروەردە و جیهانبینیەکی نویّ هەیە بۆ ئەوەی ئەنجام بدریّ. مخابن تاوەکو ئێستا لەم بوارەدا کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە.

پرسیار : وەك دەزانن داگیرکەرانی کوردستان پێشتریش چەندین هەوڵی تری قڕکردنی نەتەوەکەمانیان لە ژێر ناوی تردا ئەنجام داوە، بەڕای ئێوە ئەنفال بەچی لەو هەولآنەی تری داگیرکەران جیادەکرێتەوەن یان باشتر بڵێین ئەنفال جیاوازی لە هەوڵەکانی تر چییە؟

د. جەبار قادر : ئەنفال بۆ خۆی ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی سیاسەتە توند و تیژەکانی حکومەتی عیراق بەرامبەر بە گەلی کوردی لەو بەشەی کوردستان کە بە درێژایی ئەم چەند دەیەیەی دوایی پەیرەوی کردووە. لەم ماوە دوور و درێژەدا کە کوردستان بووبوو بە گۆڕەپانی شەر لە نێوان هێزە چەکدارەکانی عیراق و پێشمەرگەکانی کوردا هەزاران گوند و یران کراون و سەدان هەزار مرۆڤ بوونەتە سوتەمەنی ئەو شەڕە و دەزگا سەرکوتکەرەکانی عیراق هەموو شێوازەکانی توند و تیژییان لە دژی کورد بە کارهێناوە. جیاوازی ئەنفال لەوەدایە کە وەکو هەموو کردەوەیەکی رەشەکوژی و جینۆساید ژمارەیەکی یەکجار زۆر قوربانی هەبووە و، دەڤەرێکی یەکجار فراوانی گرتۆتەوە و، پلآنسازی و نەخشەکێشان و ئامادەکارییەکی زۆر بۆ ئەنجامدانی کراوە و دەیان دام و دەزگای سەربازی و ئەولەکاری و سەربازی و مەدەنی بە شێوەیەکی بیرۆکراتیانە و بە هەماهەنگییەکی بێ وێنە بەشدارییان تێدا کردووە. هەروەها ئەنجامدەرانی ئەنفال وەکو هەموو کردەوەیەکی جینۆساید هەوڵی زۆریان داوە کە کردەوەکەیان بە نهێنی ئەنجام بدەن ولەم کارەیاندا ئەوەندە سەرکەوتوو بوونە کە دوای تێپەربوونی 14 ساڵ بە سەر رووداوەکانیا هێشتا زانیارییەکانمان ئەوەندە هەژارن لە بارەی کردەوەکە و ئەنجامدەران و چارەنووسی قوربانیانیەوە کە جێگەی سەرسورمانە. سەرباری هەموو ئەمانە ئەنجامدەرانی ئەنفال پێشوەخت مۆدیلی بێ سەر و شوێن کردنی قوربانیەکانیان بۆ ئامادە کرابوو. ئەویش شێوازی دەستنیشان کردن و کۆکردنەوە و لە نێوبردنی بەرزانییەکان بوو کە لە هاوینی 1983 لە قوشتەپە دەوریان گیراو و بران و بێ سەر و شوێن کران. دەستنیشان کردن و کۆکردنەوە و لە نێوبردنی قوربانیانی ئەنفال بەو شێوەیەی کە جێ بە جێ کرا خەسلەتی کردەوەی جینۆسایدی بە ئەنفال بەخشیوە.

پرسیار : سەرەرای زانیاری تەواو سەبارەت بە جینۆساید کردنی کورد لە باشووری کوردستان کە چی ناوەندە مرۆڤ دۆستەکانی نێودەوڵەتیی لە بەرامبەریدا بێ دەنگیان نواند، ئەو مەسەلەیە تا ڕ رادەیەك پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە ؟

د. جەبار قادر : لە کاتی ئەنفالەکاندا بەرژەوەندییەکانی هەموو زلهێزەکانی جیهان بە شێوەیەك لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی رژێمدا یەکیان گرتبۆ کە مێژووی شەڕی سارد نموونەیەکی تری وای بە خۆیەوە نەبینیوە کاتێ ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت بە چەك و زانیاری و راوێژکاری و عەرەبستانی سعودی و ولآتانی کەنداو بە پیترۆدۆلار و میسر بە کرێکار و .... تاد هەموو پشتگیری رژێمیان دەکرد لە دژی مەلا سەرکەشەکانی ئێران کە بیرۆکەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی لە کەلەی دابوون و دروشمەکانیان هەرەشەیان لە بەرژوەندییەکانی رۆژئاوا و رۆژهەلآت لە کەنداودا دەکرد. لە کاتێکی وادا کەس ناکرێ چاوەروان ئەوە بێ کە مەینەتی و ئازارەکانی کورد و غەیری کورد هەست و سۆزی هاودەردی لای ئەو ولآتانە پەیدا بکەن. هەرچی هەوڵ و تەقەلآی ناوەندە مرۆڤدۆستەکانیشە لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا دەمێننەوە و دەزگاکانی راگەیاندن تیشکیان ناخەنە سەر و ئەگەر ناچاریش باسیان بکەن بە شێوەیەکی وا هەواڵەکان دادەرێژن کە هیچ سۆز و هاودەردییەك لای خەڵك دروست نەکات وەکو ئەوەی تێکەڵ بە رووداوەکانی شەڕی عیراق و ئێرانی بکەن.

ئەوەی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە ئەوا هەڵبەتە نەك لە کاتی ئەنفالدا بەڵکو لە کاتی داگیرکردنی کوێتەوە و بەتایبەتی لە دوای راپەرینەوە دەکرا زۆر کەڵك لە کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە وەربگرین، مخابن شەڕی براکوژی ئەوەیشی پێ قایل نەبینین وئەو هەل و دەرفەتەی وەکو گەلێ شتی تر لە دەست داین. لەم یەك و دوو ساڵەی دواییدا هەندێ چالاکی و بزاڤ لە بارەی ئەنفال و هەڵەبجەوە دەکرێن هەرچەندە هێشتا لە ئاستی کارەساتەکەدا نین.

پرسیار : بۆ شەرعیەت دان بە هێرشەکانی، رژێمی داگیرکەری بەعس کەڵکی لەیەکێك لە ئایەتەکانی قورئان کە سورەتی (الًنفال) ە وەرگرتووە، ئایە ئەو هێرشانە دەکرێ بە دەرهاویشتەی سروشتی کولتوری عەرەبی – ئیسلامی لە قەڵەم بدرێن ؟

د. جەبار قادر : بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەیەکی ئیسلامی واتایەکی ئیسلامی نادات بە کردەوەکە. وشە بۆ خۆی گوناهبار نیە، گوناهبار ئەو کەسەیە کە واتایەکی تایبەتی دەدا بەم وشەیە یا ئەوی تر. سورەتی ئەنفال باس لە رووداوێك دەکا لە کات و شوێن و بارێکی جیاواز لە ئەنفالەکانی بەعس لە کوردستاندا روویداوە. ئەو ئەنفالە قورئان باسی دەکا لە دژی ناموسوڵمانان کرا، بەلآم هەموو ئەوانەی لە کوردستان ئەنفال کران موسوڵمان بوون و ژمارەیەکی یەکجار زۆر مزگەوت و ماڵی خودا لە گوندە ئەنفالکراوەکاندا

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
20/07/2003 21:44

وێران کران. سەرباری هەموو ئەمانەش بەعس بۆ خۆی حیزبێکی عیلمانیە و هەتا پێی کرابێ دژی ئامۆژگارییە راستەقینەکانی ئیسلام بووە و هەمیشە ئەندامە باوەرمەندەکانی خۆی سەرزەنشت کردووە. ئەم وشە و زاراوانە گشتیین و هەموو کەسێ بۆی هەیە بەکاریان بێنێ، بۆیەکا گوناهی ئیسلام و قورئان نیە کە رژێمێکی سەرکوتکەر هاتووە و وشەیەکی بۆ مەرامی خۆی بەکارهێناوە. شەهیدی کەربەلا ئیمام حوسێن گوناهی چیە کە سەدام نێوی ئەوی لە موشەکێ ناوە کە موسوڵمانی کورد، ئێرانی، سعودی، عەرەبی شیعەی عیراق و عەرەبی کوێتی پێدەکوژێ. من پێموایە گرێدانی ئەم رەشەکوژی و تاوانەی رژێم بە بیری ئیسلام و قورئانەوە کارێکی نابەجێیە و پەیوەندی بە هیچ میتۆدێکی زانستییەوە نیە. هەروەها گرێدانی ئەم مەسەلەیە بە کولتوری عەرەبیەوە کارێکی راست نیە. ئەمە کولتوری رژێمی تۆتالیتاری و کۆمەڵگەی داخراو و بەرهەمی بیری ناسیۆنالیزمی توندڕە و رەگەزپەرست و شکست خواردەیە کە بۆ قۆچی قوربانی دەگەرێ بۆ ئەوەی تۆڵەی شکستەکانی خۆی لێ بکاتەوە. بەعس هەمیشە دەیوت هاتنی ئەو بۆ سەر دەسەڵات لە 1968 کاردانەوەی نەتەوەی عەرەبە لە دژی شکستی 1967 و هەمیشە بزاڤی کوردی بەوە تاوانبار دەکرد کە بووەتە هۆی سڕکردنی هێزی عیراق بۆ ئەوەی ئەرکی نەتەوەیی خۆی لە دژی ئیسرائیل و لە دۆزی مەرکەزی عەرەبدا نەبینێ. ئا لەم چوارچێوەدا دەبێ بۆ وەڵام بگەرێین نەك لە سورەتی ئەنفالی قورئاندا. خۆ هیتلەر نە عەرەب بووە و نە موسوڵمان و سەرانی ئیتیحاد و تەرقیش تورك بوونە و هەر ئەوەندەی بەعس باوەڕیان بە ئیسلام هەبووە، کە چی ئەرمەنیان بە نێوی ئیسلامەوە قڕ کردوە. ئەگەر مەبەستیش لە کولتوری تالانگەری بێ ئەوا کولتوری هەموو هۆز و خێڵەکانی ئەم جیهانە بووە پێش دەوڵەت و قانون پەیدا بێ. بەلام لە عیراقدا و لە سەرەتای شەستەکانەوە کولتوری تالانگەری بووە بە سیاسەتی دەوڵەت و لە کاتی شەڕی ئێران و عیراق و بەتایبەتی لە کاتی داگیرکردنی کوێتدا دەوڵەتی عیراق بە رەسمی کوێتی داگیرکرد. لە کوردستانیشدا هێشتا کولتوری تالانگەری بالا دەستیی خۆی لە دەست نەداوە و لە کاتی شەڕی خۆکوژیدا، کە ئێستا بە شەڕی نێوخۆ نێو دەبرێ، بە ناشرینترین شێوە خۆی نمایش کرد.

پرسیار : ئێمەی کورد لە رابردوودا زۆر بە کەمی کارەسات و رووداوەکانی مێژووی خۆمانمان بە شێوەیەکی زانستیانە خوێندوەتەوە. هەر لە بەر ئەمەشە گەلێ جار روداو و کارەساتەکان دووبارە بوونەتەوە، ئایە پێتان وایە هەمان نەخوێندنەوەمان بۆ کارەساتی ئەنفال هەیە ؟

د. جەبار قادر : خوێندنەوەی رووداویی مێژوویی بە شێوەیەکی زانستیانە گەلێ پێداویستی هەیە وەکو بەڵگە و دەکومێنت و کەرەسەی مێژوویی تر و، مێژووزانی پسپۆر کە شارەزای میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستیی بێ لە بواری زانستی مێژوودا و فەلسەفەی مێژوودا و خاوەن دید و بۆچوون و جیهانبینییەکی رووناکبیرانە بێ و ئەوەندەش شارەزایی لەو زانستانەدا هەبێ کە یارمەتی مێژووزان دەدەن بۆ لێکدانەوەی رووداوەکان. بێ ئەم هەل و مەرجانە نوسینە مێژووییەکان بریتی دەبن لە چیرۆك گێرانەوە و ریزکردنی زانیاری و هەواڵ و رووداو بێ هیچ لێکدانەوە و گرێدان و بەراورد کردنێ. مخابن زوربەی نووسینە مێژووییەکانمان هێشتا لەو کەوانەیەدا دەخولێنەوە. سەرباری ئەمەش کۆمەڵێ بابەت و رووداو و کەسایەتی مێژوویی لە مێژووماندا هەن تاوەکو ئێستا مێژوونووس ناتوانێ بە شێوەیەکی زانستیانە و دوور لە کەف و کوڵی سیاسەتی رۆژانە لە ئەزموون و خەبات و شکستەکانیان بکۆڵێتەوە بێ ئەوەی تووشی گێرمە و کێشە بێ. سەرباری ئەم بارە نووسەرانی ناحەز ئامادەن کەڵك لە هەموو بۆچون و لێکدانەوەیەکی رەخنەگرانەی نووسەرانی کورد وەربگرن. لە بارێکی وادا خوێندنەوەیەکی زانستیانەی رووداوەکانی بە تایبەتی مێژووی نزیکمان کارێکی ئالۆز و پر لە کێشە و تەگەرەیە. بۆ لێکدانەوەی هەمەلایەنەی کارەساتی ئەنفالیش ئەم بارە لە ئارادایە. سەرباری نەبوونی بەڵگە و دەکومێنتی پێویست لە بەردەستی پسپۆرانی کوردا و کەمیی شارەزا و پسپۆر لە بوارە جیاوازەکاندا، چونکە ئەنفال کارەساتێکە تەنها بریتی نیە لە شاڵاوی سەربازی و بێ سەر و شوێنکردنی دەیان هەزار کورد، بەڵکو خوێندنەوەی زانستیی قوول و هەمەلایەنە پێویستی بە لێکدانەوەی بیری سیاسی و کولتوری، باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئاینی .... . تاد هەیە. هەروەها گەلێ لایەنی کارەساتی ئەنفال هەیە تاوەکو ئێستا تابوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا و خەڵك ئازاد نیە لە باسکردن و لێکدانەوەیاندا، وەکو بەشداریی خۆفرۆش و چەکداری کرێ گرتەی کورد لە ئەنجامدانی ئەنفالەکاندا و تەکتیك و هەڵەکانی بزاڤی کورد و گوناهی لایەنە سیاسییەکان لە روودانی کارەساتی ئەنفالدا. لە گەڵ ئەوەشدا پێموایە لەم بارەیەوە بەختی ئەنفال لە رووداوەکانی تر باشتر دەبێ و چەند هەنگاوێکی باش بۆ خوێندنەوەی ئەنفال بە شێوەیەکی

www.kurdistannet.org
20/07/2003 21:44

زانستیانه هەڵهێنراوه و ڕۆژ به ڕۆژ زانیارییەکانمان زۆر تر و دەوڵەمەند تر دەبن لـه سەر کارەساتی ئەنفال، ئەمەش بۆ خۆی مەرجێکی گرنگه بۆ لـێکدانەوەی هەمەلایەنه و زانستیانەی ئەم کارەساته لـه داهاتوودا.

پرسیار : وەك ئاشکرایه کارەساته نەتەوەییەکان لـه هەر پارچەیەکی کوردستاندا بێت کاری نێگەتیفی بۆ سەر بەشەکانی تری کوردستان هەیه، ئایه کارەساتی ئەنفال چ کاریگەری بۆ سەر بەشەکانی تری کوردستان هەبووه، یان باشتر بلێین ئایا بەشەکانی تر ی کوردستان تا چ ڕادەیەك ئاشنایەتیان لـەو کردەوه دڕندانه هەیه ؟ ئەی ڕێکخراوەکانی دەرەوه ڕۆڵیان چیه ؟ ئایه میدیای کوردی ڕۆڵی خۆی لـەم بارەیەوه بینیوه؟

د. جەبار قادر : پێموانیه کوردی بەشەکانی تری کوردستان، هەڵبەته ئەگەر سیاسەتمەداران و نووسەرانیان لـێدەرکەین، شتێکی زۆر لـه سەر ئەنفال و کارەساتەکانی تری کوردی ئەم بەشەی کوردستان بزانن. خەڵکی ئەم بەشەش لـه گەڵ ئەو هەموو ڕۆژنامه و گۆڤار و کتێب و کەناڵی تەلـەڤزیۆنی و ڕادیۆیانەدا زانیارییەکی کەمیان لـه بارەی بەشەکانی تری کوردستانەوه هەیه. هەندێ لـه هۆیەکانی ئەم باره پەیوەندییان به کۆسپ و تەگەرەکانی ئەلفوبێ و دیالـێکتەوه هەیه و بەشێکی زۆری به کەمتوانایی ڕاگەیاندنی کوردییەوه هەیه.

ئەم ڕاگەیاندنه، بەتایبەتی تەلـەڤزیۆن، نەیتوانیوه به شێوەیەکی زانستیانه و هۆنەرییانه و دوور لـه شین و تازێ گێڕان باس و خواس و هەواڵەکانی ئەم کارەساتانه بخاته بەر دەم بینەرانی و ببێته سەرچاوەی زانیاری گرنگ بۆ بینەری کورد لـه هەر کوێیەك بێ و بەهەر دیالـێکتێ بپەیڤێ و ئەلـف و بێیه بنووسێ. مخابن ڕاگەیاندنی کوردیی شێوازێکی گوتاری حیزبایەتی زەق و ڕاستەوخۆی گرتۆته بەر، که بینەر وەڕس دەکا. تەنها بۆ نموونه لـه هەموو تەلـەفزیۆنه کوردییەکاندا تەنانەت لـه ئەورووپاش زوربەی کورد بۆ هەواڵ و لـێکدانەوه ئێستاش پەنا دەباته سەر تەلـەفزیۆنه عەرەبی، تورکی و فارسییەکان. هەڵبەته دەتوانین زۆر بیانو و پاکانه بۆ کەمتوانایی خۆمان بێنینەوه، بەلاَم پێموانیه لـەم بارەیەوه کەسمان پێ قایل بکرێ. پێویستیمان به هەڵوەستەیەکی جیددی لـەم بارەیەوه هەیه بۆ ئەوەی میدیای کوردی بێ به سەرچاوەی زانیاری و هەواڵ و لـێکدانەوه بۆ بینەری کورد و بیانیش. لـه کوردستان که هەموو شوێنەوارەکانی ئەنفال هێشتا زیندوون تا ئەو جێگەی من ئاگادار بم فلیمێکی دەکومێنتی به شێوەیەکی زانستیانه و هۆنەرییانه چ لـه لایەن زانیارییه مێژوویی و سیاسی و کۆمەلاَیەتی و کۆلـتوریەکانەوه و چ لـه لایەنی تەکنیك و هونەرەوه دروست نەکراوه بۆ ئەوەی ببێته بەڵگەی ڕەشەکوژی لـەم ولاَته. ئەم جۆره کارانه به دەزگا و تیمی تایبەت که پسپۆر و شارەزای جیاواز دەگرێته خۆی ئەنجام دەدرێ. ئەوەی زانراوه ئێمه لـه کولـتوری بەیەکەوه کارکردندا زۆر لاوازین.

ڕێکخراوەکانی دەرەوەش تا ئاستێکی زۆر ڕەنگدانەوەی ناوەوەن و ماوەیەکی زۆر نیه لـەم بوارەدا دەستیان به چالاکی کردووه و کۆسپ و تەگەرەی زۆریان لـه بەردەمدایه و چاوەڕوان ناکرێ لـه ماوەیەکی کورتدا ئەنجامی مەزن بدەن به دەستەوه. ئەم جۆره کارانه نەفەسێکی درێژ و کۆمەڵێ خەڵکیان دەوێ که هەموو کاتی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، ئەمەش لـه باری ئەورۆی کوردی ئەورووپادا که کۆمەڵگەیەکی نوێیه لـه ئەورووپا کارێکی زۆر ئاسان نیه. گرنگ ئەوەیه کوردی دەرەوه چالاکییەکانی ساڵ لـه دوای ساڵ فراوان تر دەبێ و دروشم و هەوڵەکانی باشتر ئاراسته دەکرێن و پێموایه لـه داهاتوودا ئەنجامی باش بەدەست بێنن.

پرسیار : ڕاگواستن و تەعریب دوو هەوڵی لـه مێژینەی حکومەته یەك لـه دوای یەکەکانی عیراقن، ئایه ئەنفال پرۆسەیەکی ڕێخۆشکەر نەبووه بۆ خێراکردنی تەعریب کردنی کوردستان ؟

د. جەبار قادر : گومان لـەوەدا نیه که سیاسەتی به عەرەبکردن و پاکتاوی نەژادی بۆ خۆی جۆرێکه لـه جینۆساید. چونکه ڕاگوێزانی به زۆری کۆمەڵێ خەڵك تێکدان و ڕامالـینی شێوازی ژیان و کولـتوریان که ئەویش ئیتنۆسایده. ڕژێم ئەنجامدانی ئەنفالی به هەل زانی بۆ ئەوەی پرۆسەی به عەرەبکردنی هەندێ شوێن، که ماوەیەکی زۆره هەوڵی پاکتاوکردنی نەژادی تێدا دەدا، تەواو بکا. هەرچەنده شالاَوەکانی ئەنفال زۆر دڕنده و بێ بەزییانه بوون و ژمارەیەکی زۆر کورد بوون به قوربانیان، دەتوانم بلێم ئەنفالی گەرمیان لـه هەموویان دڕندانه تر بوو چ لـه فراوانی ئەو ڕووبەرەی گرتیوه و چ لـه زۆری ژمارەی قوربانیەکانی. لـێرەدا سەرباری پەیامەکانی تری ڕژێم بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری و عیراقی ویستی به یەك گورز سیاسەتی پاکتاوی نەژادی به ئەنجام بگەیێ و زۆرترین لـەو دەڤەره لـه نێو ببا و ئەوانەشی لـه دۆزەخی ئەنفال ڕزگاریان بوو به زۆر ڕاگوێزێ بۆ ناوچەکانی تری کوردستان یا بۆ خوارووی عیراق. ئەنفال هێڵکی قووڵە

www.kurdistannet.org
20/07/2003 21:44

لە نێوان دوو سەردەمی بەعەرەبکردندا پێش ئەنفال و پاش ئەنفال. بەراوردێکی ئامارەکانی پێش ئەنفال و پاش ئەنفال نەخشەیەکی ترسناکی ئەم سیاسەتەمان دەخەنە بەردەست.

پرسیار : دوا وتەتان چیە و گۆڤاری ئەنفال چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟

د. جەبار قادر :هیوادارم بە شێوەیەکی زانستیانە هەموو ئامار و زانیارییەکانی ئەنفال کۆبکرێنەوە و ئەرشیف و پۆلین بکرێن و توێژەران بتوانن لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنەی لە سەر بکەن و بتوانین ئەو بەڵگانە لە کاتی پێویستدا بەکار بێنین بۆ ئەوەی ئەنجامدەران و تاوانبارانی ئەنفال بە سزای ڕەوای خۆیان بگەن.

دەرکردنی گۆڤاری (ئەنفال) کارێکی پێویست و لە جێگەی خۆیدایە و ئەو دوو ژمارەی من بینیومن هیوای ئەوە دەبەخشن کە وەکو گۆڤارێکی تایبەت بە کارەساتی ئەنفال تەنها خۆی بە باس و خواسی ئەنفالەوە خەریك بکا. پێموایە لە تەك گۆڤارەکەدا ئەگەر بکرێ نامیلکە و کتێبی تایبەت لە سەر ئەنفال بلاوبکرێنەوە کارێکی باش دەبێ.

هەروەها کردنەوەی دۆسیێی تایبەت بۆ لێکدانەوەی لایەنێکی ئەنفال یا دەڤەرێك یا شالاوێك کارێکی بە سوودە. تۆمارکردنی نێوی قوربانیانی ئەنفال و گوندەکان و یادەوەری ئەوانەی لە دۆزەخی ئەنفال رزگار بوونە بۆ مێژوو کارێکی گەلێ پێویست و لە جێگەی خۆیدایە. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت